# شێوازو شێوازناسی

**هێرۆ عەبدولڕەحمان مستەفا**

بەشی خاک و ئاو، کۆلیژی زانستە ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** hero.mustafa@su.edu.krd

**ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**

بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** idrees.kurdesh@su.edu.krd

## پوختە:

شێوازو شێوازناسی ئەم دو زاراوە ڕەخنەییەن، کە بوارێکی فراوانیان لە توێژینەوەی ڕەخنەی نوێی ئەدەبی میللەتان و ڕەخنەی نوێی کوردیش داگیرکردوە، شێواز ڕێگەیەکی بەربڵاوی بەکارهێنانی زمانە، شێوازناسی زانستی لێکۆڵینەوەیە لە بنج و بنەوانی شێوازەکان.

زمانەوانی نوێ، ئەوەی (بالی) دایهێنا، ڕێخۆشکەر بو بۆ سەرهەڵدانی ئەم زانستە نوێیە بۆ لێکۆڵینەوەی شێواز، چۆن زمانەوانی نوێ لە (ئاخاوتن) دەکۆڵێتەوە، ئاواش شێوازناسی لە (شێوازەکانی ئاخاوتن) دەکۆڵێتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئەم دو زاراوەیە.

**وشە کلیلەکان:** شێواز، شێوازناسی، لادان، هەڵبژاردن.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی (شێوازو شێوازناسی)یە، هەوڵێکە بۆ ناساندن و شلۆڤەکردنی (شێوازو شێوازناسی)، کە بابەتێکی نوێیە لە نێو ئەدەبی کوردیدا، ئەگەر بەراوردی بکەین بە میللەتانی دەوروبەرمان، لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن توێژەران و خوێنەران گرینگیەکی تایبەتی پێدەدەن و چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی و پەرتوک لە بارەیەوە نوسراوەو ئەنجام دراوە. ئەو ڕێبازەی کە لە توێژینەوەکە بەکارهاتوە ڕێبازی وەسفی شیکارییە. ئێمەش هەوڵمان داوە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە تیشکێک بخەینە سەر ئەو بابەتە، لە گرینگی ئەو بابەتە بدوێین. ئەم توێژینەوەش دابەشکراوە بۆ دو بەش:

**بەشی یەکەم:** لەبارەی شێوازەوەیە و لە سێ تەوەرە پێک دێت. تەوەرەی یەکەم لە بارەی چەمک و پێناسەی شێوازەوەیە و تەوەرەی دوەمیش لە بارەی شێوازی مەعنەوی و شێوازی بەرجەستەیە بە کورتی باسی ئەم دو جۆرە شێوازەمان کردوە. تەوەرەی سێیەمیش باسی شێواز کراوە لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە.

**بەشی دوەم:** تایبەتکراوە بە شێوازناسی و بنەما پێکهێنەرەکانی شێواز و دابەشکراوە بۆ سەر دو تەوەرە. تەوەرەی یەکەم دەربارەی چەمک و پێناسەی شێوازناسییە و تەوەرەی دوەمیش باس لە بنەما پێکهێنەرەکانی شێواز کراوە. دواتریش بەچەند خاڵێک ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێیگەیشتوین خراونەتەڕو لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەکەدا سودیان لێوەرگیراوە. لە کۆتایشدا کورتەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: شێواز

شێواز یەکێکە لە ڕواڵەتە هەرە دیارەکانی ژیانی ئادەمی لە هەمو بوارەکانی ژیاندا لە ئاخاوتن و لە هەڵسوکەوت و لەڕەفتاری لەگەڵ دەوروبەردا، لە خواردنی لە هەمو بوارەکانی ژیانی و هەرکەسە و بەجۆرێک بە شێوازی تایبەت دەناسرێتەوە.

لەوانەیە لە نێو هەمو خەڵکدا زۆر کەس شێوازیان لەیەکتربچێ، بەڵام دەشێ لە هەندێ تایبەتمەندیدا هەر مرۆڤێک شێوازەکەی لە شێوازی دەوروبەرەکەی تاڕادەیەکی زۆر یان کەم جیاواز بێت.

دەرئەنجامیش خوێندنەوەی کەسەکان بۆ یەکتری خوێندنەوەیەکی شێوازی کەسەکانە، ئەگەر شێوازەکەیان بەلاوە پەسندبو کەسەکە، ئاخاوتنەکەی، ئەدەبەکەی، هەڵسوکەوتەکەی بە پەسند دەزانی، لەوانەشە ئەگەر شێوازەکەی زۆر تایبەت بو زۆر سەرکەوتو بو بیکەینە نمونەی باڵا. بەپێچەوانەوە کاتێک خەڵک کەسێکی دیار ڕەتدەکەنەوە تەنیا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لەبەر شێوازەکەیەتی لە بوارەکانی ژیانی خۆی بە تایبەت لە هەڵسوکەوتو قسەکانی بە هیچ شێوەیەک پەسندی خەڵکی نین لەبەرئەوە خەڵک ڕەتیدەکەنەوە.

لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی کۆن و نوێدا زۆر لە بارەی شێواز نوسراوە، لەخوارەوە وەکو پێویستی توێژینەوەکە تیشک دەخەینە سەر شێواز و خوێندەوەیەکی ڕەخنەییانەی بۆ دەکەین.

بنچینەی وشەی شێواز دەگەڕێتەوە ((بۆ وشەی فەرەنسی کۆن (style)، (stile) و لاتینی (stilus) بەمانای ڕێگەی قسەکردن و نوسین دێت)) (McArthur , 1992 , p 992 ). هەروەها وشەی (style) ((ئاماژەبە ئامێرێک دەکات بۆ نوسین لەسەر تەختە مۆمیایەکان بەکارهاتوە.))(ناظم، ٢٠٠٢، ل١٥)

شێواز مێژویەکی کۆنی هەیە، لە ((سەدەی پانزدەهەم)) (درویش ٢٠١٣، ل٦٠) سەری هەڵداوە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنان.

ئەفلاتون باسی شێوازکردوە ((ئەفلاتون بە شێوەیەکی ئاماژەدان باسی شێوازی کردوە، کە پێی وایە شێواز سیفەتێکە لە هەندێک دەربڕیندا هەیە و لە هەندێک دەربڕیندا نییە)) (مەلا زادە، ٢٠١٩، ل٢٨). ئەم ڕایەی ئەفلاتونیش دیارە ئەوە دەردەخات، کە لای ئەو تەنیا هەندێ گوتار خاوەنی شێوازن، کە لە ئاخاوتنی گشتی جیادەبنەوە و جۆرێک لە تایبەتمەندی شێوازیان هەیە، دەنا ئاخاوتنی گشتی بەلای ئەوەوە ئاساییە و خاوەنی شێوازێک نییە کە شیاوی باس بێت. هەرچەندە لە ڕاستیدا ئاخاوتنی گشتیش بەبێ شێواز نییە و ئەویش شێوازی خۆی هەیە، کە شێوازە سواوەکەیە، ئەوەی هەمو خەڵک قسەی لەسەر دەکەن.

لەدوای ئە فلاتونیش ئەرستۆ لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (وتاربێژی) ئاماژەی پێکردوە.

((ئەو بیروبۆچونانەی ئەفلاتون لە تەوەرەکانی (فیدرس) خستویەتەڕو نزیکە لەوەی ئەرستۆ لە پەرتوکی (وتاربێژی) خستویەتەڕو)) (ئەرستۆ، ١٩٨٠، ل١٦). تەنانەت هەندێک دەڵێن ((وتاربێژی ئەرستۆ جۆرێکە لە (فیدرسی درێژەپێدراو))) (ئەرستۆ، ١٩٨٠، ل١٧-١٦).Jennifer Richards دەڵێت ((شێواز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆتەڵ))(Richards, 2008, p 46)

ئەرستۆ لە پەرتوکی وتاربێژیدا دەڵێت: پێویستە سێ شت گرینگی پێبدرێت، کە پەیوەستە بە قسە یان وتەوە ((١- سەرچاوەی بەڵگە، ٢- شێواز، ٣- ڕێکخستنی بەشەکانی قسە یان وتە)) (ئەرستۆ، ١٩٨٠، ل١٩٣)

واتە بەپێی بیروبۆچونی ئەرستۆ مرۆڤ لەکاتی قسەکردن دەبێت زانیاری لەسەر بابەتەکە هەبێت، کە قسەی لە بارەیەوە دەکات و شێوازێکی سەرنجڕاکێش بەکاربهێنێت بۆ ڕێکخستنی بەشەکانی ئاخاوتن.

ئەو شێوازەی کە قسەکەر لە کاتی قسەکردن بەکاریدەهێنێت، یان نوسەر لە کاتی چنینەوەی بابەتێک بەکاریدەهێنێت، دەبێت لەگەڵ چینەکانی کۆمەڵ و بابەتەکە بگونجێت. دەبێت نوسەر بزانێت ئەو بابەتە ئاراستەی کێ دەکات و بۆ کێ دەینوسێت. بۆ نمونە ئەگەر بۆ منداڵ بنوسێت دەبێت بە شێوازێکی سادە بنوسێت، ئەگەر بۆ چینێکی باڵای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کۆمەڵ بنوسێت بۆ نمونە چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیران، ئەوا دەبێت بە شێوازێکی بەرز بنوسێت، بۆ قسەکردنیش بەهەمان شێوە.

J. A Cuddon ((ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە شێواز بەشێوە تەقلیدییەکەی دابەش دەبێت بۆ سێ ئاست: شێوازی بەرز، شێوازی ناوەند، شێوازی سادە)) (Cuddon , 1998 , p 688)

شێواز تەنیا تایبەت نییە بەئەدەب بەڵکو لە ژینگەی جۆراوجۆر بەکاردێت کەواتە ((وشەی شێواز لەم ڕۆژگارەدا هاوبەشە لەنێوان ژینگە جۆراوجۆرەکاندا. زانایان بۆ ئاماژەکردن بە بەرنامەیەک لە بەرنامەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بەکاردێنن، ئەدیبەکانیش لە هونەری ئەدەبی چ چیرۆک بێ یان گفتوگۆ یان ڕاپۆرت یان ڕەگەزێکی زارەکی چ ئاسان یاخود ئالۆز بەکاریدێنن)) (الشایب، ١٩٩١، ل٤٠) هەروەها ((مۆسیقاژەنەکان وەک بەڵگە بۆ دانانی ئاواز و جۆرەکانی بەکاریدێنن و وێنەکێشەکانیش وەکو بەڵگە لەسەر دروستکردنی ڕەنگەکان و چاودێری و گونجانیان لەگەڵ یەکتری بەکاریدێنن)) (کریم الکواز، ١٤٢٦ م، ل١٣٧)

کەواتە شێواز بەو ڕێگایە دەوترێت، کە مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکان ژیان بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی دەیانگرێتەبەر شێواز هونەرە، ڕێگایە، ڕێبازە.

ئەو جۆرە شێوازەی، ئێمە دەمانەوێت لەو توێژینەوەیە تیشکی بخەینەسەر، ئەو شێوازەیە کە پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەیە.

د. ئیدریس عبدالله بەم شێوەیە پێناسەی شێواز دەکات، ((شێواز بریتییە لەڕێگەیەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زمان، بەشێوەیەک ئەو ڕێگەیە ببێتە سیفەتێکی جیاکەرەوەی نوسەرێک، یان قوتابخانەیەک یان ماوەیەکی زەمەنی، یان ڕەگەزێکی ئەدەبی)) (عبدالله، ٢٠١٠-٢٠١١، ل١٤).

## تەوەری دووەم: شێوازی بەرجەستە و شێوازی مەعنەوی

### ١-شێوازی بەرجەستە

شێوازی بەرجەستە: ئەم شێوازەیە کە پەیوەستە بە جیهانی دەقەوە، شێواز لە دەقەوە لە دایکدەبێت، لە ڕێگەی دەقەوە دەتوانین بڕیار لەسەر شێوازی نوسەرەکە بدەین.

زاراوەی بەرجەستە لە فەرهەنگەکان بە جۆراوجۆر باسکراوە. لە زمانی ئینگلیزی زاراوەی (concrete)ی بۆ بەکاردێت، لە زمانی عەرەبی زاراوەی (ماددی) و (ملموس)ی بۆ بەکاردێت. لە فەرهەنگە جیاوازەکانیش بەم جۆرە باسی زاراوەی بەرجەستە کراوە: لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەم جۆرە لێکی داوەتەوە: Concrete: ((پشت دەبەستێت بەشتی ڕاستەقینە نەک بیرۆکەو خەملاندن))(Hornby , 2000 , p 254) لە فەرهەنگی المورد بەم شێوەیە سەرنجی بۆ کراوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

Concrete: واتە ((شتی بەرجەستە، ماددی، شتێک هەستی پێبکەین بە هەستەکان، هەست پێکراو)) (البعلبكي، ٢٠٠٤، ل٢٠٣)

دەق خاڵی بە یەکگەیاندنی نوسەر و خوێنەرە، لە ڕێگەی دەقەوە خوێنەر دەتوانێت شێوازی نوسەرەکە یان شاعیرەکە بەرجەستە بکات. دەق زیاتر لە ڕستەیەک دەگرێتەوە لەلایەن نوسەرەوە یان شاعیر بەرهەم دەهێنرێت و دەقیش تەنها ئەو کاتە دەمێنێتەوە کە تۆماردەکرێت. ((دەق لەوانەیە نوسراو یان گوتار بێت، پەخشان یان شیعر بێت، دیالۆگ یان مۆنۆلۆگ بێت.دەق یەکەیەکی بەکارهێنانی زمانە، یەکەیەکی ڕێزمانی نییە، وەک لارستە یان ڕستە، هەروەها پێناسە ناکرێت بەقەبارەی خۆی، دەق بە یەکەیەکی سیمانتیکی دادەنرێت، یەکەیەکی فۆرم نییە، بەڵکو مانایە)) (Halliday , 1970 , p 2-3)

دەق لە دو ئاست پێکدێت ئاستی ستونی و ئاستی ئاسۆیی، ئاستی ستونی لایەنی ڕێزمانی دەگرێتەوە و ئاستی ئاسۆیی لایەنی هێما و ئاماژەکان دەگرێتەوە. ((دەق یەکەیەکی گەورەیە و هیچ یەکەیەکی لەو گەورەتر نایگرێتە خۆی، مەبەستیش لە ئاستی یەکەم (ستونی) ئەوەیە کە دەق لە یەکەی بچوک پێکدێت، پەیوەندییەکی ڕێزمانی بە یەکتریان دەبەستێتەوە، ئاستی دوەمیش لە بۆچونی گشتی پێکدێت و پەیوەندی یەکگرتوی هێما و ئاماژەیی و مەنتیق بە یەکتریان دەبەستێتەوە)) (بوقرة، ٢٠٠٩، ل٤٢)

بۆ تێگەیشتن لە دەق، دەتوانین لەڕێگەی ئاستەکانەوە لە دەق بگەین، دەقیش وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە دو ئاست پێکدێت ((١-ئەو پێک هاتە ڕوگەشیانەی کە زمانەوانی دەنوێنێت و پەیوەندی ڕێزمانی بەیەکتربان دەبەستێتەوە بۆ پێکهێنانی مانا. ٢-ئەو پێکهاتە قوڵانەی کە بۆچون دەنوێنێ و پەیوەندی هێماو ئاماژەیی بەیەکتریان دەبەستێتەوە، ئەمەش پێویستی بەزانیاری فراوان هەیە)) (بوقرة، ٢٠٠٩، ل٤٣)

واتە دەق لە یەکەی بچوک پێکدێت و پێیدەڵێن وشەو وشەکانیش بەهۆی پەیوەندی ڕێزمانییەوە بە یەکەوە دەبەسترێت و ڕستە پێکدەهێنێت و ڕستەکانیش بەسەر یەکەوە مانای گشتی دەقەکە دروستدەکەن.

چەند پێناسەیەکی دەق دەخەینەڕو کە لەلایەن نوسەران و ڕۆشنبیران کراوە:

ڕۆلان بارت بەم شێوەیە باسی دەق دەکات ((دەق واتە چنین کە ئاڵۆزییەکی بەدواییەکدا هاتو لە هێماو ئاماژەو گۆرانکاری لە مانادا، بەم شێوەیە دەق وێنەی جیهانە بەرهەمهێنراوەکەی دەبەخشێت بە جۆرێک ناتوانرێت دەستنیشانبکرێت، تەنها لەڕێگەی نوسینەوە نەبێت، کەواتە دەق بریتییە لە بەکارهێنانێکی ئاماژەپێکراو کە بە هۆی ڕێسای پێکهاتەو گواستنەوەو گۆڕین دروستدەبێت)) (بارت، ٢٠٠٠، ل١٠٤)

کەواتە لای (بارت) دەقی زارەکی بەدەق ناژمێردرێ و تەنها جەخت لەسەر دەقی نوسراو دەکاتەوە، بەلام ڕای زۆربەی نوسەرانی تر ئەوە نییەو ئێمەش هەر ڕامان لەگەڵ ئەوەیە، دەقی زارەکیش بۆ نمومە وەکو: پەندی پێشینان و حەقایەتە فۆلکلۆرییەکان ئەوانیش دەقن و شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە، ناکرێت دانیان پێدانەنێین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

تۆدۆرۆف لەبارەی دەقەوە دەڵێت: ((دەکرێت دەق ڕستەیەک بێت یان پەرتوکێکی تەواو بێت، هەروەها دەق بەسەربەخۆیی و داخراوی دەناسرێت))(عیاشی، ٢٠٠٩، ل١٢٢).

تۆدۆرۆف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەر ڕستەیەکیش مانای تەواوی هەبێت ئەوا، دەقە.

د. سعد مصلح دەڵێت: ((شێواز لەخۆگرتنە، واتە هەر سیمایەکی زمانەوانی بەهایەکی شێوازناسی دیاریکراو لەخۆدەگرێ، شێوازیش بەهایەکەی لە ژینگەی دەق و ئەو ساتەی دەقەکەی تێدا دەربڕاوە وەردەگرێت)) (عیاشی، ٢٠٠٩، ل١٢٢).

(هیڵ) دەق و شێواز بەیەکەوە دەبەستێت بەم شێوەیە پێناسەی شێواز دەکات و دەڵێت ((پەیامێکە هەڵگیراوە لەلایەن ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان ڕەگەزی زمانییەکان بونی هەیە، بەڵام لە ئاستی ڕستە نا، بەڵکو ئەم هەڵگرتنە لە ئاستێک فراوانترە وەک ئاستی دەق و ئاستی ئاخاوتن)) (المسدی، ٢٠٠٦، ل٧٣)

هەروەها (ستاروبنسکی) دەڵێت ((شێواز یاسایەکی ڕێکخراوە، جیهانی ناوەوە لە دەقی ئەدەبیدا دەپشکنێت))(المسدی، ٢٠٠٦، ل٧٤)

هەمو دەقێک چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:

١-دەق بە گشتی لەچەند ڕستەیەک پێکدێت کە پێکەوە ڕۆنانێک یان دانەیەک دروستدەکەن، وەکو نامەو ڕاپۆرت و وتار. هەندێکجار دەشێ دەق تەنها لە یەک وشە پێکبێت وەکو هێمای ترسناک کە لە شوێنی مەترسیداردا هەڵدەواسرێ بە مەبەستی هۆشداری.

٢-تایبەتمەندی ڕۆنانی و گوتاری جیاکەرەوەی هەیە.

٣-ئەرک یان ئامانجێکی گەیاندنی تایبەتی هەیە.

٤-زۆرجار دەکرێ بەتەواوی لێیتێبگەیت کاتێک لەچوارچێوەی ئەو دەورە دەبینرێت، کە تێیدا بەکاردێت))(Richards , 2002 , p 549)

بۆ دیاریکردنی شێوازی بەرجەستە لە دەق پێویستمان بەخوێنەرێکی شارەزا هەیە، تا بتوانێت شێوازەکە دیاری بکات و نهێنی شاراوەکانی ناو دەق بدۆزێتەوە، کە پەیوەستە بەلایەنی دەرونی و ئەو بارودۆخەو سەردەمەی کە نوسەرەکە تیایدا ژیاوەو، دەقەکەی تیایدا لە دایکبوە.

لە هونەرەکانی شیعرو پەخشاندا شێواز ((ئەو شێوە وەردەگرێت، کەوا دەربارەی چی دەدوێت بابەتی شیعرەکە بەشێوەیەکی ئاوا وەسفکراوە، کە وەکو ئەو بیرۆکەیە کە پێشتر وەسفکراوە. ئەگەر هاتو شیعرەکە دەربارەی خوێنەرێک بێت ئەوا نوسینەکە بە شێوەیەکی بازنەیی دەنوسرێت یانیش شیعرەکە دەربارەی ماڵەوە بێت ئەوا تابلۆی ناوەوەی خانوەکە دەنوسرێت. بیرۆکە گرینگەکە ئەوەیە کەوا بابەتی شیعرەکە بە شێوەی ڕەسم و وشە بنەخشێنێ)) (Ashworth, 2012, p 52)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەگشتی شێوازی بەرجەستە، شێوازی ڕستەو دەربڕین و دەنگ و مۆسیقا و ڕواڵەتەکانی بینراوی دەقی ئەدەبی و نائەدەبییە، نوسراوبن، یان سەر زارەکی، داهێنانی بن، یان پێکهێنەری پەیوەندی گشتی نێوتاکەکانی کۆمەڵگا. هەمو ئەو قسەو ئاخاوتن و نوسینانە بە شێوازی جۆراوجۆر پێکەوەنراون، هەمو ئەو دەقانە کێڵگەی لێکۆڵینەوەی شێوازینە، شێوازناسی بایەخی تەواویان پێدەدات.

## ٢-شێوازی مەعنەوی

مەبەستمان بیرکردنەوەیە، شێوازی بیروبۆچونەکانی نوسەر دەگرێتەوە، پێش ئەوەی بیکاتە نوسین و بەرجەستە بێ لای خوێنەر. زاراوەی (مەعنەوی) یان (واتایی) لە فەرهەنگەکان بەم شێوەیە باس کراوە:
لە فەرهەنگی (ئوکسفۆرد) بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:
(abstract): ((پشت دەبەستێ بە بیرۆکەیەکی گشتی نەک بارودۆخێکی تایبەت یان کەسێکی تایبەت)) ( Hornby , 2000, p 5) لە فەرهەنگی (المورد) بەم جۆرە باسکراوە: (abstract): واتە ((بیر (فكرة)))(البعلبكي، ٢٠٠٤، ل٢١)

ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستمانە جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوە (بیر)ە، مەبەستمان بیری نوسەرە، شێوازی مەعنەوییە و دەبێتە هۆی دروست بونی شێوازەکانی ئاخاوتن و ئەدەب، لە زمانی عەرەبی (فكر)ەو لە زمانی ئینگلیزی (ideology) بۆ بەکارهاتوە.

بیر کردارێکە لە کردارە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، هەمو کار و چالاکییەکانی ژیانی مرۆڤ لە هەمو بوارەکان لە بیرەوە هەڵدەقوڵێ و بەرنامەڕێژی بۆ دەکرێت.

چەند پێناسەیەکی بیر دەخەینەڕو:

د. شوکریە ڕەسوڵ دەڵێت: ((بیر ئەو بیروڕایەیە کە نوسەر ئەیەوێ بیگەیێنێتە خوێنەر ئەمەشیان یەکەم بنەرەتی هونەری ڕازیکردنە)) (ڕەسول، ١٩٨٩، ل١١). واتە نوسەر لەڕێگای دەربڕینەکانیانەوە دەیەوێت کەسی بەرامبەر ڕازی بکات.

د. هاوژین صلێوە لە بارەی بیرەوە دەڵێت: ((بیر وەک چرۆی درەختێکی تازە پشکتوە و خەندەی ئایندەیەک و داهاتویەکی پڕ گەڵای سەوزو بەری جوانی پێوەیە، بەڵام ئەگەر ئەم چرۆیە پەروەردە نەکرێت ئەوا هەر زو دەچێتەوە ناو قاوغی خۆی و زەردهەڵدەگەڕێت و وشک دەبێتەوە))
(عیسا، ٢٠٠٩، ل٤٨)

د. هاوژین دەڵێت مرۆڤ دەبێت هەمو کات ئەو بیرو بۆچونانەی کە هەیەتی دەبێت پەروەردەی بکات و ئەمەش لەڕێگەی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێڕامانی زۆرەوە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە دێتە پێشەوە چارەسەری بکات، چونکە ((ئەو هزرو بیرەی کە بە مێشکی مرۆڤ دادێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی جیهانی دەرەکی و بنچینەکەشی عەقڵێکی تۆکمەیە)) (التونجي، ١٩٩٩، ل٦٩١).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

سەبارەت بە سەرچاوەکانی بیریش، ئەوا ((تاقیکردنەوەی ژیانە یان خوێندنەوەیە))(عبدالغنی، ٢٠٠٩، ل٢٥) هەروەها ((بیر ئامادەکارییەکی عەقڵییە کەیارمەتیدەرە بۆ تێڕامان و جیاکاری و دادگایی)) (عبدالنور، ١٩٧٩، ل١٩٥)

بیر وەکو نامەیەک وایە کە نوسەر بە خوێنەر دەگەیەنێت ((بیرۆکە بەرهەمی عەقل و ئەزمونە، کە لە شاعیر و نوسەرە مەزنەکان لەقوڵایی دەریای بیردا مەلەدەکەن تا گەوهەر و مرواری تێدا بە دەست بهێنێ))(الجبیلی، ٢٠٠٩، ل١٦٧)، هەروەها ((پێش ڕستە (sentence) و گوتن و بیرۆکەیەک (proposition) لە عەقڵی مرۆڤدا هەیە، چونکە مرۆڤ سەرەتا بیردەکاتەوە ئینجا ڕستە دادەرێژێت و دواتر دەیگۆڕێت بۆ گوتن)) (دزەیی، ٢٠١٥، ل٥٣)

شێوازی مەعنەوی واتە شێوازی بیرکردنەوەی نوسەر ئەم شێوازە لە هزرو بیرو بۆچونی نوسەرەکە بونی هەیە، دوای دەربڕینی ئەو بیروبۆچونانە ئێمەی خوێنەر دەتوانین شێوازی نوسەرەکە دیاری بکەین.

هەمو دەقێک تەنانەت ڕستەش بەبێ بونی بیر بونی نییە. نوسەریش لە کاتی نوسینی دەقێک تەنانەت ڕستەیەکیش دەبێت چوارچێوەیەک بۆ بیرەکانی خۆی دابنێت، ئینجا دەقەکە بنوسێت، تاوەکو بیرەکەی بە شێوەیەکی کاریگەر دەربېڕێت. بۆ نمونە:

**کچەکەم عاقڵە.**

ئەم ڕستەیە لەسەر بنەمای شێوازێکی مەعنەوی، لەسەر بنەمای (بیر)ێک دامەزراوە، کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو وەسفی کچەکەی بکات، دواتر (بیر)ەکەی کردۆتە ڕستە و بەم شێوازە هەواڵییە پێشکەشی کردوە. ئیدی لە شێوازی مەعنەوی بوەتە شێوازێکی بەرجەستە و بەجۆرێک پەیوەندی کاریگەری دروستکردوە.

## تەوەری سێیەم: شێواز لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە

گەر تیشک بخەینە سەر ئەو پێناسانەی، کە بۆ شێواز کراون هەر لێکۆڵەرێک لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە لە شێوازی ڕوانیوە، هەندێکیان لە ڕوانگەی نوسەرەوە، هەندێکیان لەڕوانگەی دەقەوە، هەندێکیش لەڕوانگەی خوێنەرەوە، پێناسەی شێوازیانکردوە، کە (نوسەر، دەق، خوێنەر) سێ پێکهێنەری کرداری ئاخاوتنن.

### ١- شێواز لە ڕوانگەی نوسەرەوە:

پەیوەستبونێکی تەواو لەنێوان نوسەر و شێواز هەیە، شێواز لە قوڵایی ڕوحەوە هەڵدەقوڵێت، لایەنی دەرونی بیرکردنەوە و کەسایەتی عەقڵی نوسەر پیشان دەدات. لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقەوە کەسایەتی نوسەرەکەمان بۆ دەردەکەوێت، بۆنمونە تا چ ڕادەیەک ڕەشبینە یان گەشبینە، یان کەسێکی هەست ناسکە، یان کەسێکی ڕەقە.....هتد. هەر نوسەرێک فەرهەنگێکی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە هەندێک وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنێت، کە کەسی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

تر بەکاریان ناهێنێت؛ بۆیە زۆرجار لە ڕێگەی ئەو زمانەی کە نوسەر لە نوسینی دەقەکەی بەکاریدەهێنێت دەتوانین خاوەنەکەی بناسینەوە، چونکە هەندێک وشەو دەستەواژە هەیە، کە تایبەتە بە نوسەرەکە.

پێناسەی جۆراوجۆر لەم ڕوانگەوە بۆ شێواز کراوە، ئێمە چەند پێناسەیەک دەخەینەڕو:

ئەفلاتون دەڵێت: ((شێواز هاوشێوەی تایبەتمەندی کەسێتییە)) (بیرجیرو، ؟،ل٣٧) ئەفلاتون جەخت لەسەر خودی نوسەر دەکاتەوە، کە شێواز ڕەنگدانەوەی کەسێتی نوسەرە.

منذرعیاشی بەم شێوەیە پێناسەی شێوازی لەم ڕوانگەیەوە کردوە دەڵێت: ((ئێمە شێواز بە ناساندنێکی تاکی دەناسێنین و وەزیفەی تاکە کەسیشی دەخەینە پاڵ)) (عیاشی، ٢٠٠٩، ل٢٩) عیاشی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەر کەسێک شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە. شوبنهاور دەڵێت: ((شێواز دیاردەی بیرە)) ((عیاشی، ٢٠٠٩، ل٣٣) د. عبدالسلام المسدی دەڵێت: ((شێواز وێنەیەکی تایبەتە بەخاوەنەکەی ڕێگەی بیرکردنەوە و چۆنیەتی ڕوانین و شیکردنەوەی بۆ شتەکان و سروشتی هەڵچونی خاوەنەکەی دەخاتەڕو))(المسدی، ٢٠٠٦، ل١٣٤)

کەواتە لەڕوی نوسەرەوە شێواز هۆکاری ئاشکراکەری خاوەنەکەیەتی، بیر و کەسایەتی خاوەنەکەی بەجوانی دەردەخات، یان بەواتایەکی تر ((شێواز ڕەنگدانەوەی خاوەنەکەیەتی و ئەو بارو دۆخانەی دەوریان داوە، هۆکارن بۆ دروست بونی دەقەکەی)) (المهداوی، ؟، ل١٥٠)

## ٢- شێواز لەڕوانگەی خوێنەرەوە:

خوێنەر یەکێکی ترە لە جەمسەرە گرینگەکانی گەیشتنی دەق، ڕۆڵێکی کارا و کاریگەر دەبینێت لە دیاریکردنی شێوازی هەر دەقێک. خوێنەر زۆر گرینگە بۆ دیاریکردنی شێوازی دەق، چونکە گەر خوێنەر نەبێت پێشوازی لە دەقەکە بکات، ئەوا ناتوانین شێوازی دەقەکە دیاریبکەین. شێواز بۆ بڕواهێنانە بەخوێنەر، دەبێت خوێنەر بوروژێنێ و کاری لێبکات. لای چالزبالی ((چەمکی شێواز لە کۆمەڵێک ڕەگەز و توخمی زمان پێکهاتوە، کاریگەری لەسەر سۆزی گوێگر، یان خوێنەر هەیە، چونکە بنچینەی شێواز لەوەیە کە تیشکێکی کاریگەر بۆ گوزارشت و دەربڕین زیادبکات، کە ئەم تیشکە بارگاوی بێت بەناوەڕۆکێکی سۆزداری)) (الحربی، ٢٠٠٣، ل١٨). واتە ئەرکی شێواز ئەوەیە کە کاریگەری لەسەر خوێنەر هەبێت، کە بەمە خوێنەر وەڵامدانەوەی بۆ دەقەکە دەبێت.

ریفاتیر لەم ڕوانگەیەوە باسی شێواز دەکات و دەڵێت: ((شێواز بەدیارخەری هەندێک زنجیرەی توخمی ئاخاوتن و ئاگادارکردنەوەی خوێنەر لێیان دادەنێت، بەشێوازێک ئەگەر لێی بێ ئاگابێت دەقەکە دەشێوێنێ و ئەگەر شیشی کردەوە، چەند هێما بۆ کراو و مەدلولێکی تایبەتی بۆ دەدۆزێتەوە، ڕێگە دەدات بە چەسپاندنی ئاخاوتن وەک دەربڕ و شێوازیش وەک دیارخەر)) (المسدی، ٢٠٠٦، ل٦٦)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

د. ئیدریس عبدالله بەم شێوەیە پێناسەی شێواز دەكات لە ڕوانگەی خوێنەرەو دەڵێت ((شێواز بریتییە لەو سیمایانەی دەق كە كاریگەری خۆیان لەسەر قسە بۆ كراو (خوێنەر) بەجێدەهێڵن، جا كاریگەریەكە هەر چییەک بێت)) (عبدالله، ٢٠١٢، ل١١).

## ٣- شێواز لە ڕوانگەی دەقەوە:

دەق بە یەكێک لە بنەما گرنگەكانی كرداری گەیاندن دادەنرێت، واتە ئەڵقەی بە یەكگەیاندنی نوسەر و خوێنەرە. دەق بەرهەمی نوسەرە، خوێنەریش لەڕێگەی دەقەوە شێوازی نوسەر دیاریدەكات.

دی سیۆسێر ((شێواز بە پشت بەستن بەلایەنی ڕێكخراوی تایبەتمەندی بنیاتی دەق دەناسێنێت)) (المسدی، ٢٠٠٦، ل٧٢) واتە شێواز لە دەق لە دایكدەبێت.

ستارو بنسكی دەڵێت: ((شێواز پێوەری یاساو ڕێساو سیستەمەكانە بۆ جیهانی ناوەوە لە دەقی ئەدەبیدا)) (المسدی، ٢٠٠٦، ٧٤)

فینوگرادیف ((شێواز بە جیهانی بچوكی ئەدەب دیاری دەكات، كە مەبەست لێی دەقە و ئەو جیهانە بچوكەش بە ئامێری بە یەكبەستنی توخمی زمانەوانی و كارلێككردنی یاساو ڕێسا و سیستەمەكان دادەنێت)) (المسدی، ٢٠٠٦، ٧٣)

دەق بە هۆی ئەو ڕەگەزانەی پێكیانهێناوە، لە زمان و لە پەیامیشی، ئاماژەی ئاشكرا دەگەیەنێتە دەرەوە، كە بە چۆن شێوازێک بنیاتنراوە، لە كوێدا زۆر بە سۆزە، لە كوێدا پڕ لە هەڵچونە، لە كوێدا ئەقڵیەت پێشكەش دەكات، چ ئایدۆلۆژیایەک پەخشدەكات، هەمو ئەوەش لەسەر بنیاتی شێوازە زمانیەكەی بەرجەستە دەبێ، كە وشە و دەربڕین و ڕستە و پەرەگرافەكانی و سترێسی سەر دەنگەكانی چۆنن و دەیانەوێ چ بگەیەنن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم: شێوازناسی

زاراوەی شێوازناسی زاراوەیەکی لێکدراوە لە وشەی (شێواز) و پاشگری (ناسی) پێکهاتوە، پاشگری (ناسی) بە واتای ناسین و زانست دێت، یان بە واتای زانست و زانیاری دێت دەربارەی شێواز. کەواتە شێوازناسی زانستێکە بۆ لێکۆڵینەوەی لە شێواز سەری هەڵداوە یان هاتۆتە کایەوە.

چالزبالی بەدامەزرێنەری (قوتابخانەی شێوازگەری فەرەنسی یان شێوازگەری دەربڕین.) دادەنرێت لەژێر کاریگەری مامۆستایەکەی (دیسیۆسێر) ((لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی نوێ شێوازناسی سەریهەڵدا)). (درویش،٢٠١٣، ل٦١)

کە شێوازناسی لقێکی زمانەوانی نوێیە، کە لێکۆڵینەوە لە شێواز دەکات. زمانەوانی پەیوەندی بەئەدەبەوە هەیە، چونکە ئەدەب لە وشەو ڕستە پێکدێت، کە ئەمانەش پێکهێنەرەکانی زمانن.

هەندێک لە لێکۆڵەران بیروڕایان وایە، کە شێوازناسی تێکەڵە لەگەڵ ڕەوانبێژی ((ئەو تێگەیشتنەی بالی (bally) بۆ شێوازناسی هەیبو لەگەڵ ئەو بنچینانە شێوازناسی لە دوای ڕەوانبێژی لەسەری جێگیربوبو، ئەوانەی تێپەراند و بنچینەی بیری شێوازناسی نوێی لە بیردۆزەکەی داهێنا)) (المسدی، ٢٠٠٦، ل٣٨)

بیرجیرو دەڵێت ((شێوازناسی ڕەوانبێژییەکی نوێیە)) (بیرجیرو، ؟، ل٩) هەروەها د. عبدالسلام المسدی دەڵێت: ((شێوازناسی بە بەرهەم و میراتگری ڕاستەوخۆی ڕەوانبێژی دادەنرێت، بە واتایەکی تر شێوازناسی جێگرەوەی ڕەوانبێژییە))(المسدی، ٢٠٠٦، ل٤٤)

((نوڤالیس یەکەم کەس بو ئەم زاراوەی بەکارهێناوە بەڕای ئەو شێوازناسی تێکەڵە بە ڕەوانبێژی، لە دوای ئەو هیلانغ لەساڵی ١٨٣٧ لەو بارەیەوە دەڵێت شێوازناسی زانستی ڕەوانبێژییە)) (بیرجیرو، ؟، ل٩).

لێکۆڵەران و نوسەران چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ شێوازناسی کردوە، هەریەکەیان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە.

Geoffrey Frinch بەم شێوە پێناسەی شێوازناسی دەکات و دەڵێت: ((شێوازناسی پەیوەندی هەیە بەبەکارهێنانی میتۆدی زمانەوانی بۆ لێکۆڵینەوەی چەمکی شێواز لە زمان)) (Frinch, 2000, p 189).

هەروەها Geoffrey Leech دەڵێت: ((شێوازناسی لێکۆڵینەوەیە لە شێواز)) (Leech, 1969, p1).

بیرجیرو بەم جۆرە پێناسەی شێوازناسی کردوە دەڵێت ((بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەوانەی، کە پەیوەستن بە زمان)) (بیرجیرو، ؟، ل٦)

Cuddon یەکێکە لە لێکۆڵەرەوەکان کە بەم شێوازە پەیڤی خۆی دەڵێت ((شێوازناسی بریتییە لە شیکردنەوەی زانست کە لایەنەکانی زمان لەخۆدەگرێت بۆ نمونە فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس))٠( Cuddon, 1998, p 688 )دەخاتەڕو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

((کەواتە شێوازناسی باڵ دەکێشێت بەسەر هەمو لایەنەکانی زمان، چونکە لەوانەیە هەمو دیاردە زمانەوانییەکان سەرەتا لە دەنگەکانەوە هەتا بنچینەی ڕستە و زۆر لە لێکدانەوەکان و تایبەتمەندییە سەرەکییەکان لە زمان و لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا بکات)) (العثیم، ٢٠١٨، ل١٧).

هەروەها ((زۆربەی لێکۆڵەران کۆکن لەسەر کاتی لە دایکبونی زانستی شێواز کە لە ڕاگەیاندنی زانایی فەرەنسی (جوستاف کویرتنج) لە ساڵی ١٩٨٦ هاتوە، گوتی: زانستی شێواز هەڵدەستێ بە پۆلینکردنی ئەو ڕاستییانەی شێواز، کە سەرنجی لێکۆڵەران ڕادەکێشێ بەگوێرەی پەیرەوکردنی بەرنامە تەقلیدییەکان)) (متقی زادە، ٢٠١٣، ل١٣٦)

دەتوانین بڵێین شێوازناسی ئەو زانستەیە کە زانیارییەکی فراوانمان لەسەر شێوازی دەقەکە پێشکەش دەکات و پێکهێنەرەکانی شێوازی دەقەکە دەخاتەڕو لەڕوی ناوەرۆک و ڕوخسار و ئەو ڕەهەندە جیاجیایانەی کە دەقەکە پێکدەهێنن.

## تەوەری دوەم: بنەما بەرهەمهێنەرەکانی شێواز

شێوازی ئەدەبی جیاوازە لە شێوازی قسەکردنی ئاسایی ئەو شتانەی کە واش دەکەن شێوازی ئەدەبی جیاواز بێت لە شێوازەکانی تری دەربڕین و زانایان ولێکۆڵەرانی بواری شێوازناسی کۆمەڵێک شتیان دیاریکردوە، کە بریتین لەمانە:

### ١-لادان

لادان یەکێکە لە بنەماکانی دروست بونی شێواز، ئەو زمانەی دەقی ئەدەبی پێدەنوسرێت، خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و وای لە نوسەران و شاعیران کردوە، بە زمانێکی جیاواز بنوسن لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، یان ئەو زمانەی کە دەقێکی زانستی پێدەنوسرێت. ئەمەش وایکردوە، کە زمانی ئەدەبی زمانێکی شکۆمەند و سەرنجڕاکێش بێت وکاریگەری لەسەر خوێنەر بەجێبهێڵێت و بیوروژێنێ.

لادان بە یەکێک لەو کردارانە دادەنرێت، بە هۆیەوە شێوازی دەقی ئەدەبی، دەبێتە شێوازێکی بە بەها و سەرنجڕاکێش.

لادان تەنها لە بواری ئەدەبدا بونی نییە. بەڵکو لە هەمو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا بونی هەیە، وەکو بواری خورەوشت و ڕەفتاری مرۆڤ... هتد. دەرچون لە هەر نەریتێکی پەسندکراو کە پێشتر لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان دانراوە پێ دەڵێن لادان.

ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوە مەبەستمانە تیشکی بخەینە سەر باس کردنی لادانە لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبی.

لادان وەکو زاراوە لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا بەم شێوەیە واتای لێکدراوەتەوە:

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا بەرامبەر وشەی لادان وشەی (deviation) دانراوە بەم شێوەیە باس کراوە:

یەکەم لادان (deviation) کرداری لادانە کە ئاسایی و ڕێگەپێدراوە و دوەمیش لادان لە پلان.

(Wehmeier , 2002 , p 345) لە فەرهەنگی خاڵ بەم شێوەیە باسی لادانی کردوە:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

لادان: کەلەبەرێکە لە دیواردا دەهێڵدرێتەوە لە تاق گەورەتر، شتی تێدا دادەنرێت، خستنە کەنار. کەنار کەوتن لە ڕێڕۆیندا، کە ماندوبویت. لە ڕێ (لادە). دەستەواژەکانی لە خویەک: فسار کەس باش (لایداوە). (خاڵ، ٢٠٠٥، ل٤٢٢)

لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینە بەم شێوەیە باسی لادان کراوە:

لادان: خستنە کەنارەوە، لە ڕێ لایدا. (موکریانی، ١٣٨١، ٧٥٠)

لادان ((بە فەرەنسی پێی دەڵێن (Ecart) و بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (deviation) و بە ئەڵمانی پێی دەڵێن (Abweichung) زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتوە لە ڕەخنەی ڕۆژئاوایی))(ربابعە، ٢٠٠٣، ل٤٤)

زاراوەی لادان زاراوەیەکی نوێیە ((بەڵام بەو بیرۆکە کۆنەی کە لە ڕیشەیدا هەڵیگرتوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ و شوێنکەوتوانی لە ڕەخنەگران و ڕەوانبێژان)). (وەیس، ١٩٩٦، ل٢٩٤)

ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر )باسی لادانی کردوە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و دەڵێت ((ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکاربێت بەرزی و شکۆمەندی تێدایە لەڕوی ئاستی زمانی ڕۆژانە، و مەبەستم لە بە کارهێنانی (وشەی ناباو) وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەربێ....... بەکارهێنانی وشەی درێژکراوەو وشەی کورتکراوە و وشەی دەستکاریکراو هۆیەکی هەرە گرینگ و کاریگەرە بۆ دابین کردنی ڕونی و شکۆمەندی لە زمانی شیعریدا)) (ئەرستۆ، ٢٠٠٤، ل٨٣-٨٤)

ئەرستۆ تیشک دەخاتە ئەو زمانەی، کە شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکانی بەکاریدەهێنێت، دەبێت زمانێکی هونەری بێت و لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک جیاواز بێت و تاوەکو کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروست بکات.

د. عبد السلام المسدی دەڵێت لادان ((وەرگێڕانێکی فۆنیمی وشەی (Ecart)ە کە بە هەمان تێگەیشتن دەتوانین زاراوەی زیادەڕۆیی بۆ دابنێین یان دەتوانین وشەیەکی کۆنی بۆ زیندو بکەینەوە، کە ڕەوانبێژەکان بۆ سیاقێکی دیاریکراو بەکاریاندەهێنا ئەویش وشەی (لەڕێ دەرچونە))).(المسدی، ٢٠٠٦، ل١٢٤)

ئەو زمانەی دەقی ئەدەبی پێدەنوسرێت جیاوازە لە زمانەکانی تر، چونکە زمانێکە بەری لادانە، زمان بە گشتی دابەش دەبێتە سێ بەش ((١-زمانی معیاری، سروشتی وەکو ئەو یاسایە و لە مێشکدا هەیە، ئەوەی دیکەش: زمانی ئاسایی، وەکو خەڵک قسەی پێ دەکەن، سێیەمیش زمانی تایبەتی نوسین، کە زمانێکی پڕ لە داهێنانە و جیاوازە لە هەردو زمانی معیاری و زمانی ئاساییەکەش، چونکە بەری لادانەو بە شێوەیەکی تایبەت جیابۆتەوە لە هەردو زمانی سروشتی و ئاساییش)) (عبدالله، ٢٠١٠-٢٠١١، ل٦٣)

کەواتە ئەو زمانەی بەری لادانە زمانێکی چێژبەخش و جیاوازە ((لادان فێڵکردنی مرۆڤە لە زمان و خودی خۆی بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتیەکانی خۆی و زمان بە یەکەوە)) (المسدی، ٢٠٠٦، ٨٤)

(لادان) چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە لەلایەن نوسەران و لێکۆڵەران هەریەکەیان لە دیدە و ڕوانگەی جیاوازەوە باسی لادانیان کردوە. جان کوهین دەڵێت: ((شێواز لادانە، واتە لادان هەڵەیە بەڵام هەڵەیەکە بە مەبەست ئەنجامدراوە)) (کوهین، ١٩٨٦، ل٩). هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ((هیچ شیعرێک بەبێ لادان نییە))


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

(کوهین، ١٩٨٦، ل٤٢٢). شاعیر بە مەبەست ئەو لادانە ئەنجام دەدات تاوەکو زمانێکی شکۆمەند داهێنەر و سەرنج ڕاکێش بەرجەستە بکات لە نێو شیعرەکانی. بە بڕوای جان کوهین هیچ شیعرێک نییە لادانی تێدا نەبێت کەواتە شیعر بە لای ئەو بەرهەمی لادانە.

ڤالیری پێناسەی شێواز دەکات و بەلادان دەیبەستێتەوە و دەڵێت: ((شێواز لە ناوەرۆکیدا لە ڕێ دەرچونە لە ڕێسایەک)) (فضل، ١٩٩٨، ٢٠٨). بەلای ڤالیری شێواز واتە لادان.

ریفاتیر دەڵێت لادان ((دەرچونە لە شێوە سادەکەی زمان، چونکە داهێنەری زمان بەکاریدەهێنێت لە بارە ئاساییە باوەکەی دەری دەکات کە ئەمەش چەند لایەنێکی ڕەوانبێژی وەک لێکچواندن و خوازە و خواستنەکان دەگرێتەوە، تاوەکو بە هۆی ئەم لادانەوە دەرگا بۆ بواری زۆر لە ئاماژەکان بکاتەوە، هەروەها لایەنی دارشتنی دەگمەن بەکاردێنێ کە ئەمەش لە بواری زمان و شێوازناسی هەژمار دەکرێت)) (مدوار، ٢٠١٥-٢٠١٦، ل١٤). لادان پەیوەست دەکات بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، بەلای ئەو هونەرەکانی ڕەوانبێژی بۆتە هۆی دروست بونی لادان.

د. موسی سامح دەڵێت ((لە ڕێی لادان زمانێکی بەکارهاتوە بەڕێگەیەکی جیاوازتر لە ڕێگەی ئاسایی. بەم شێوەیە دیاردەی لە ڕێ لادان بە گرینگترین ئەو دیاردانە دادەنرێ کە ئەو وێنە شاراوانەی زمانی شیعری تیا ڕەنگ دەداتەوە ئەمەش کاتێک ڕودەدات کە لەڕێی شێوازی گوزارشتی ئاسایی و سادە لادەدات )) (ربابیعە، ٢٠٠٣، ل٤٣). بە لای د. موسی لادان دەبێتە هۆی دروستبونی زمانێکی ڕەنگاو ڕەنگ و بە بەها.

تۆدۆرۆف دەڵێت لادان ((هەلێکی بیانو بۆ هێنراوە))(المسدی، ٢٠٠٦، ل٨١-٨٢).

ریفاتار شێوازو لادان بە یەکەوە دەبەستێت پێناسەی شێوازناسی دەکات و دەڵێت ((لادانە لە شێوەی دەربڕینی سادە)) (المسدی، ٢٠٠٦، ل٨٢). پێناسەی لادانیش دەکات و دەڵێت ((لادان جارێک بە تێکچونی ڕێساو جارێک بە هانابردنە بەر دارشتنی دەگمەن دێتەدی، لە حالەتی یەکەمدا لادان لە بابەتەکانی ڕەوانبێژییەو پێویستە بە پشت بەستن بە بڕیارە پێوانەییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، لە حالەتی دوەمیشدا لێکۆڵینەوەیە لە لادان بە شێوەیەکی گشتی لە پەیوەندییە زمانییەکانە و بەشێوەیەکی تایبەتیش لە شێوازناسییە)) (المسدی، ٢٠٠٦، ل٨٢). بە هۆی لادانەوە دەربڕینەکان دەبنە دەربڕینی هونەری و بە بەهاو سەرنجڕاکێش.

د. صافیە محمد باسی لادان دەکات و دەڵێت: ((ئەو ڕێگایانەن نوسەران و شاعیران پەنای بۆ دەبەن بۆ دەربڕینی ئەو بیرو هەست و سۆزانەی، خۆیان دەیانەوێت بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش، لە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا نییە، ئەمەش بە کۆمەڵێک ڕێگا و شکاندنی یاسا و دەستورەکانی زمان لە گشت ئاستە جۆراوجۆرەکان دەکرێت)) (احمد، ٢٠١٣، ل١٩).

عبدالخالق یعقوبی دەڵێت: ((لادان واتای خۆدورخستنەوەیە لە ڕێسا باوەکانی زمان)) (یعقوبی، ٢٠٠٥، ل٢٩)

د. صلاح فضل دەڵێت: ((لادان دەرچونی زمانە لەو نەریتەی کە پەخشان پێی ناسراوە، یاخود شکانی یاساو ڕێساکانە)) (نادیە، ٢٠١٢-٢٠١٣، ل١٢٦)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

بەڵام لادانیش دەبێ لەسەر بنەماییک بکرێ، واتە لادان کە لەلایەن شاعیر یان نوسەران ئەنجام دەدرێ، نابێت بەشێوەیەکی هەرەمەکی بێت بەڵکو دەبێت بەپێی یاساو ڕێسا بێت.

د. ئیدریس عبدالله چەند مەرجێک بۆ لادان دادەنێت ((١-لادانەکە بەشێوەیەک بێت لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی ڕێزماندا ئەنجام بدرێت.

٢-دەبێت لادانەکە سودێک بگەیەنێت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەی خوێنەر بەو شێوەیە ئاراستە ببێ، کە واقیع و خەونی نوسەرەکە دەیخوازێت)) (عبدالله، ٢٠١٠-٢٠١١، ل٦٤).

ئامانج لە لادان چێژ بەخشینە ((لەڕێگەی لادان زمان تەنها نابێتە هۆکار بەڵکو دەبێتە مەبەستێکی خودی چونکە جگە لە پرۆسەی گەیاندن کاری چێژیش ئەنجامدەدات. ئەم چێژە فەراهەم نابێ ئەگەر ئاخاوتن لەڕێگە باوەکەی خۆی دەرنەچێ کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی تایبەتمەندی شێوازناسی لە زمان کە ئەمەش جۆرێکە لە ڕێ دەرچونی ئاسایی زمان بە جۆریک کە شاعیر یاخود نوسەر پابەند نابێ بەپێوانە دیاریکراوەکانی سیستەمی زمانەوانی)) (صیاحی، ٢٠١٨ -٢٠١٩، ل١٦)

لە هەمو ئەو پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ: لادان بەکارهێنانێکی زیرەکانەومەبەستدارانەی نوسەرە بۆ دروستکردن وچنینێکی نوێ زمانی دە ق لەوشە و ڕستە و هەمولایان و پێکهاتەکانی دە ق، ئامانج لە لادانیش چێژ بەخشینە. بۆ نمونە:

**١-لادان لە ئاستی وشە:** بۆ نمونە:

**وەرزی خۆشی**

باران خۆشی کردەوە
سەرماو سۆلەی بردەوە
زەوی و زار بوژایەوە
هێلی خەم کوژایەوە
دارو درەخت سەوزە گیا
بون بە بەرگی دەشت و چیا
پەلکە زێڕینە دەرکەوت
ڕەنگی جوان جوانی بەرکەوت
سروشتی ڕازانەوە
هەستی وروژانەوە
بەخێر بێت وەرزی خۆشی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

ڕەگی کارو داکۆشی (حسێن، ١٩٩٧، ل٨)

لە وشەی (ڕازانەوە) و (وڕوژانەوە) دەنگی (د، ن) کرتاوە لە بنەڕەتدا لە وشەی (ڕازاندنەوە) و (وڕوژاندنەوە)ن

**٢-لادان لە ئاستی ڕستە:** بۆ نمونە:

تاوان و گەڕاندنەوە

کچ:

باوکم قومار فێربوە

بە دانیشتن گێربوە

ئێمەی لەبیرچۆتەوە

ڕوبەڕوی ئیش بۆتەوە

غەدری گەورەی لێمان کرد

نازی باوکێتیمان مرد

کەلوپەل و پێویستی

هەرچی بگاتە دەستی

لەگەڵ موچەی مانگانە

بۆ قوماری تەرخانە

ئێمەی هەژارو دڵ تەنگ

بێ بەش لە خۆشی و ئاهەنگ (حسێن، ١٩٩٧، ل١٤)

لە ڕستەی (بۆ قوماری تەرخانە) کاری (کرد) کرتاوە لە بنچینەدا ڕستەکە (بۆ قوماری تەرخان کرد)

**٢-هەڵبژاردن**

هەڵبژاردن بنەمایەکی ترە لە بنەما سەرەکییەکانی دروست بونی شێواز، زۆرجار نوسەرێک یان شاعیرێک لە نێوان چەندین وشە، وشەیەک هەڵدەبژێرێت لەکاتی نوسینی دەقەکەی کە بە شیاوتری دەزانێت بە بەراورد بە وشەکانی تر. هەندێک جار دەقی نوسەران لە ڕێگەی وشەکانیان دەناسرێتەوە. واتە لە ڕێگەی وشەکانەوە دەتوانین دەقەکان بگەرێنینەوە بۆ خاوەنەکانیان.

هەڵبژاردن لە فەرهەنگەکان بەم شێوەیە باس کراوە:

لە فەرهەنگی مامۆستا بەرامبەر بە وشەی (هەڵبژاردن) وشەی ئینگلیزی (choose , select) بەکارهاتوە و بەم شێوەیەش پێناسەی هەڵبژاردن دەکات ((پەسندکردن شتێ یان کەسێ لەناو چەند شتێکدا یان چەند کەسێکدا)) (ملا اسماعیل، ٢٠٠٩، ل١٦٤٣).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

شێخ محمد خاڵ لە فەرهەنگی خاڵ بەم جۆرە تیشک دەخاتە سەر هەڵبژاردن و دەڵێت ((پەسندکردنی شتێک لەناو چەند شتێکداو هەڵگرتنی)) (خاڵ، ٢٠٠٥، ل٥١٢)

هەڵبژاردن واتە: ((هەڵبژاردن لە نێوان دو دەربڕین یان زیاتر، کە هەمان مانایان هەیە، بەڵام شێوازی دارشتنیان جیاوازە))(ناظم، ٢٠٠٢، ل٥٦).

لە هەڵبژاردندا نوسەر یان شاعیر وشەیەک لە نێوان چەندین وشە هەڵدەبژێرێت کە لەبەردەستیتی، بەگوێرەی گونجاندنی بۆ سیاقەکە، کە بە باشترینی دەزانێت بە بەراورد بە وشەکانی تر، کە وشەکانیش لە دارشتن جیان بەڵام هەمان مانایان هەیە. واتە ((قسەکەر یان نوسەر کۆمەڵێک ڕەگەزی زمانەوانی جۆراوجۆری (وشەکان) لەبەردەستە تا ئەوەی گونجاوە بۆ سیاق هەڵیان بژێرێت)) (الكواز، ١٤٢٦م، ل٨٣)).

دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن ئەو وشانەن ((لە بنەڕەتدا گەنجینەی فەرهەنگی قسەکەرە کە بە هۆی ئەوەوە دەتوانێت هەندێ وشە بە هەندێکی تر بگۆڕێ))(الكواز، ١٤٢٦م، ل٨٤)).

لە کاتی هەڵبژاردن نوسەر یان شاعیر دەبێت گونجاندن لە نێوان وشە هەڵبژێردراوەکان بکات تاوەکو دەقێکی چێژبەخش و بەسود بهۆنێتەوە ((دەقی داهێنراوی ئەدەبی زمانەکەی بە وردی و پوختی هەڵبژێردراوە، بۆیە لێکۆڵەرەوەکان کۆکن لەسەر هەڵبژاردنی فەرهەنگێکی تایبەت لەکاتی نوسین یان ڕێکخستن بۆ ڕودانی کاریگەری هونەری)) (حسن، ؟، ل٨٤).

بۆچی هەڵبژاردن دەکرێ، چونکە وەکو حسن ناظم دەڵێت: ((زمان گەنجینەیەک لە هاوواتاو بنیاتی ڕێزمانی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ)) (ناظم، ٢٠٠٢، ل٥٣)

ئیدی لە نێو ئەوانە بۆ هەر مەقامێک جۆرێک لە وشەو دەربڕین گونجاون، بۆیە ئاخێوەری عاقڵ، بۆ هەر مەقامێک ئەو وشەو دەربڕینانە هەڵدەبژێرێ، کە پەسندترن و کاریگەری زۆرتر دروست دەکەن و لە کێشەو بەڵا دوری دەخەنەوە.

پێناسەی جۆراو جۆر بۆ هەڵبژاردن لەلایەن لێکۆڵەران و نوسەران کراوە، تیشک دەخەینە سەر چەند پێناسەیەک:

د. ئیدریس عبدالله پێناسەی هەڵبژاردن بەم شێوازە دەکات و دەڵێت: ((پرۆسەی دەرهێنان و جیاکردنەوەی وشە، یان دەربرین و شێواز لەنێو چەندین وشەو دەربرین و شێوازی تردا)) (عبدالله، ٢٠٢٠، ل١٢٤)

قابیلانتز دەڵێت: ((شێواز بەرز نرخاندنی مرۆڤە بۆ هەندێک لە توانایەکانی زمان بەسەر هەندێکی تردا لە ساتێک لە ساتەکانی بەکارهێناندا)) (المسدی، ٢٠٠٦، ل٦٠)

(شعبان چاڵی)ش دەڵێت: ((هەر دیدەو بۆ چونێکی نوێ و تایبەت پێویستی بە هەڵبژاردنی کەرستەی نوێ و تایبەتە)) (چاڵی، ٢٠٠٨، ل٢٧)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

کەواتە دەتوانین بڵێین هەڵبژاردن: هەڵبژاردنی وشەیەکە، یان دەربڕین و ڕستەیەک لە نێوان چەندین وشە کە هەمان واتایان هەیە، بەڵام لە دارشتندا جیاوازن، شاعیر یان نوسەر بە مەبەست هەڵبژاردن ئەنجام دەدات، بۆ دروست کردنی کاریگەری زیاتر و چێژبەخشین بەخوێنەر.

بۆ نمونە دەتوانین بۆ بانگکردنی کچەکەت بڵێی:

کچەکەم وەرە، دەشتوانی بڵێی (گیانەکەم وەرە) دەشتوانی بڵێی (کچێ وەرە) دەشتوانی بڵێی (شیرین وەرە)، دەشتوانی بڵێی (کچە جوانەکەم وەرە)، چەندین بژاردەی تریش هەیە، بەپێی هەلومەرجەکە، وەکو دایک، یان وەکو باوک ئەوەیان هەڵدەبژێرێ، کە پێیان وایە کاریگەرتر و خۆشترە بۆ سەر دەرونی کچەکەت.

بۆ نمونە لە شیعری **گوڵە ئەستێرە** شاعیر دەڵێت:

پێشمەرگەی وردیلانەم

بەچکە شێری ناو لانەم

لەناو بەری نەیارم

بۆ ئاشتی گەل بەکارم (حسێن، ١٩٩٧، ل٢٤)

شاعیر لە جیاتی وشەی (منداڵ) وشەی (بەچکە شێری) هەڵبژاردوە و لەناو شیعرەکەی بەکاریهێناوە و بە شیاوتری زانیوە.

## ئەنجام

١-هەمو شێوازێک بەر لەوەی بەرجەستە بێت، بیرێکی مەعنەوییە و لە مێشک دایە، ئەمەش بۆ ئەوەمان دەبات، (شێواز = بیر).

٢- شێوازناسی دوای دروستبونی شێوازەکان دەست بەکاردەبێت و لە جۆر و سەنگی شێوازە لێکجیایەکان دەکۆڵێتەوە.

٣-ڕەگەزی لادان لە شێوازدا، دەبێتە هۆی نوسینی جوان و بەرهەمی ئەدەبی لێدەکەوێتەوە.

٤-هەندێک لەو شێوازانەی بە هەڵبژاردن دروستدەکرێن، دەبن بە ئاخاوتنی ئاسایی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(4).Paper9 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.4,December.2021

# Style and Stylistics

**Hero Abdulrahman Mustafa**
Soil and Water Department, College of Agriculture Engineering Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** hero.mustafa@su.edu.krd

**Idrees Abdulla Mustafa**
Kurdish Department, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** idrees.kurdesh@su.edu.krd

**Abstract:**

Style and stylistics are two critical terms, that they exceed Kurdish modern criticism in the spread of researching modern critical literature of people and modern Kurdish literature. Style is a wide range of using language, stylistics is a researchable science and it is the detail of the styles.

Modern linguistics that (Bale) invented, paves the way for the emergence of this modern science for studying style, how modern linguistics studies (speech) and likewise stylistics studies styles of speech. This research sheds light on these two terms.

**Keywords:** Style, Stylistics, Deviation, Selection.

## سەرچاوەکان

ئەرستۆ،٢٠٠٤، هونەری شیعر (شیعرناسی)، و. عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ئەحمد، صافیە محمد ئەحمەد، ٢٠١٣، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

چاڵی، شەعبان، ٢٠٠٨، شێوازی شیعری جەزیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

حسێن، احمد،١٩٩٧، ڕەنج، چەپکی دوەم، ؟

دزە یی، پ.د.عبدالواحد،٢٠١٥، زانستی سیمانتیک. چاپی یەکەم، ئاوێر، هەولێر.

خاڵ، شێخ محمد، ٢٠٠٥، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای ئاراس، هەولێر.

عبدالله، ئیدریس، ٢٠٢٠، زمان و شێواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین.

عبدالله، ئیدریس، ٢٠١٠ –٢٠١١، شێوازوشێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

موکریانی، هەژار، ١٣٨١، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، چاپی سێیەم، سروش، تەهران.

یەعقوبی، عبدالخالق، ٢٠٠٥، دەنگی بللورینی دەق (رەخنەو لێکۆڵینەوە)، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.

ارستو، ١٩٨٠، ترجمة : بدوی، د. عبدالرحمن، الجمهورية العراقية، دار الرشيد للنشر.

بوقرة، د. نعمان، ٢٠٠٩، المصطلحات الاساسية في لسانيات النص والتحليل الخطاب، الطبعة الاولية، جدارا للكتاب العالمي، الاردن.

بارت، رولان، ٢٠٠٠، مغامرة في مواجهة النص (فرانك ايفرار، اريك تينه)، ت. وائل بركات، الطبعة الاولية، دار البنابيع.

بيرجيرو، ؟، الاسلوبية، ترجمة: منذر عياشي، الطبعة الثانية، دار الحاسوب، حلب.

البعلبكي، منير،٢٠٠٤،قاموس المورد.

الجبيلي، د.سجيع،٢٠٠٩، مهارات القراة والفهم والتذوق الادبي، المؤسسة الحديثة للكتاب،لبنان.

حسن، د. عبدالحفيظ، ؟، المنهج الاسلوبي في النقد الادبي، ؟، ؟، ؟

الحربي، فرحان بدري، ٢٠٠٣، الاسلوبية في النقد العربي الحديث (دراسة في التحليل الخطاب)، الطبعة الاولى، (مجد) مؤسسة الجامعية الدراسات و النشر و التوزيع، بيروت.

ربابعة، د. موسى سامح،٢٠٠٣، الاسلوبية مفاهيمها وتجلياتها، الطبعة الاولى، دار الكندي، كويت.

الشايب، احمد، ١٩٩١، الاسلوب (دراسة بلاغية تحليلية لاصول الاساليب الادبية، الطبعة الثامنة، مكتب النهضة المصرية، القاهرة.

عياشي، د. منذر، ٢٠٠٩، الاسلوبية وتحليل الخطاب، دار المحبة، دمشق.

العثيم، صالح بن عبدالله بن ابراهيم، ٢٠١٨-١٤٣٩، شيعر ابراهيم مفتاح (دراسة الاسلوبية)، كلية اللغة العربية و دراسات الاجتماعية، الملكة العربية السعودية.

عبدالنور، جبور، ١٩٧٩معجم الادبي، دارالعلم الملاين، لبنان.

فضل، د. صلاح، ١٩٩٨، علم الاسلوب مبادئه واجراءته، الطبعة الاولى، دار الشروق.

الكواس، د. محمد كريم، ١٤٢٦ ميلادى، علم الاسلوب (مفاهم و تطبيقات ) الطبعة الاولى، منشورات جاميعة السابع من ابريل.

كوهين، جان، ١٩٨٦، بنية اللغة الشعرية، ترجمة : محمد الولى و محمد العمرى، الطبعة الاولى، دار توبقال.

المهداوى، محمد حسين عبدالله، نظرة فى الاسلوب و الاسلوبية (محاولة فى التنظير المنهج الاسلوبى عربى),؟,؟.

المسدى، د. عبدالسلام، ٢٠٠٦، الأسلوبية و الأسلوب، الطبعة الخامسة، دار الكتب الوطنية، ليبيا.

ناظم، حسن، ٢٠٠٢،البنى الاسلوبية (دراسة فى انشودة المطر) للسياب، الطبعة الاولية، الدار الابيظاء، المغرب.

ويس، احمد محمد، ١٩٩٦، وظيفة الانزياح فى منظور الدراسات الاسلوبية، ؟، ؟، ؟

صياحى، رشيد و لمقدمى قندوز، ٢٠١٨ – ٢٠١٩، دراسة الاسلوبية فى شيعر موسى الاحمدى نويوات، كلية الاداب واللغات، جزائير، رسالة الماجستر.

مدوار، جميلة، نهلة فتاح، ٢١٥-٢٠١٦، الاسلوبية الانزياح و دورها فى التحليل النصى (زواية الاسود يليق بك لاحلام مستغانمى انموذجا)، رسالة الماجستر، كلية الاداب و اللغات، جامعة الجيلالى بونعامة، جزائير.

نادية، مدانى، ٢٠١٢-٢٠١٣، الخصائص الاسلوبية فى ديوان (فى القدس) للشاعر تميم البرغوثى، رسالة الماجستر، جامعة محمد خيضر.

درويش، احمد، ٢٠١٣، مجلد انقد الادبية، فصول، المجلد ٥، (٢-١).

زادة، عيسى متقى و كبرى روشنفكر و نوردين بروين، ٢٠١٣، فصلية اضاءات نقدية، الشنتة ٣، العدد ٩

Ashworth, Jessica, 2012, Concrete Poetry. teaching and learning company, Lorenzo company

Cuddon J.A, 1998, Dictionary of Literary Terms and Literary Theory. London penguin books

Frich, Geoffrey, 2000, Linguistic in Terms and Concepts. Macmillan

Leech, Geoffrey, 1969, Linguistic Guide to English Poetry. Longman Group

Hornby, A.S , edited by: Sally Wehmeier, 2ooo, Advanced Learner's Dictionary of current English. sixth edition

Halliday M. A. K. , Ruqaiya Hasan , 1470, Cohesion in English. Longman Group.

McArthur, Tom, ? , The Oxford Companion to the English Language. Oxford oup

Richards Jennifer, 2008, Rhetoric. NY Routledge.

Richards, Jack C. , Richard Schmiege with Heidi Kendrick and Youngkyu Kimt, 2002, Longman Dictionary Teaching and Applied Linguistics. third edition